


کۆمەڵە شێعری ڕەگاژۆ

لە:

محەمەدفاتێح محەمەدی

ف-نامۆ

ئای دی:

@f_namo

لینکی تێلێگرام:

@namopoem

@namopoem

دەم كوت كە لە هەر دێ عەینی بەردێ
دانیشم و چیم نەیێتە سەر زار
دیتم كە وەها شتێک مەحاڵە
تۆ بەردیش ئەخەیتە هات و هاوار

محەمەدفاتێح محەمەدی
ف-نامۆ

@namopoem

سپاسی شاعێر:

به سپاس له خاتوو رۆژین مەحەمەدی (کچی دڵسۆزم) که ئەرکی رێک و پێک کردنی ئەم کۆمەڵە شێعرەی له هەموو بوارەکان له ئەستۆیدا بووه.

ف-نامۆ

@namopoem

## پێڕست


سەبارەت بە شاعیر ........................................ 1
پێشەکی ................................................. 2
ڕەگاژۆ ................................................. 3
دیوار ................................................... 4
لەگەڵ حافیز ............................................. 5
یاری .................................................... 6
باری شێعر .............................................. 7
ڕۆباری فرمێسک ......................................... 8
تەیمانی تەم ............................................ 8
جەنگ .................................................. 9
ماکی ئەوین ............................................. 9
شۆڕەکات .............................................. 10
بند ................................................... 10
بوسەی خورشید ........................................ 11
جام ایثار .............................................. 11
هێزی عەشق ........................................... 11
مەرگەسات ............................................. 12
کێڵگەی هاوار .......................................... 12
موچرکە ................................................ 12
ترجمەی شعر استاد هێدی بە فارسی ..................... 13
بەشێ لە شێعرێکی ون بووم .............................. 13
شاری من .............................................. 14
دڵ و ئاوەز ............................................. 14
تەماڵ .................................................. 15
بریا .................................................... 15
ژاروژان ................................................ 15
شاری خەم ............................................. 16
شەوارە ................................................ 16
گاڵۆک ................................................. 16
کارەوان ................................................ 17
تۆ ...................................................... 17
خەونی کەسک .......................................... 18
خەو ................................................... 18
وەنەوشەیی ............................................. 19
قەتیس ................................................ 20
هەناسەکەت ............................................ 22
یاد .................................................... 24
مێوان .................................................. 25
شرۆڤە ................................................ 26
سووچ .................................................. 27
"مەنزومەی هەڵۆ" ...................................... 28


@namopoem

# سەبارەت بە شاعیر

دانەری ئەم شێعرانە "محەمەدفاتێح محەمەدی" یە. ئەو لە شاری سەقز لە دایک بووە. لەوێ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کردوە. لە یەکەم ساڵەکانی ناوەندی دا دەستی داوەتە دانانی شێعر بە دوو زمانی کوردی و فارسی و لەم بوارە دا مامۆستای مەزن و شاعێری گەورەی شارەکەمان مامۆستای خوالێخۆش بوو "نافیع مەزهەر" دڵ سۆزانە و بێ وچان یارمەتی داوە و بە دانی گۆڤار و کتێبی کوردی بەهرەی بیری ئەوی فراوانتر کردوە.

هەر لەو ساڵانەدا یەکەم شێعرەکانی بە دەنگی مامۆستای زمان پاراو خوالێخۆش بوو "شوکروڵڵای بابان" لە رادوێی کرماشان بڵاو بوەوە و هاونیشتمانیان ناسیارییان لەگەڵ ئەو و کارەکانی پەیدا کرد.

فاتێح، پاش تەواو کردنی سەربازی لە دوو شاری سنە و سەقز بۆ کارکردن ناچار بووە روو بکاتە شاری "رەشت" لە باکووری ئێران و لەوێ ببێتە کارمەندی "ئاو و کارەبای باکوور" ی ئێران. ئەو لەو کاتەش دا دەستی لە نووسینی شێعر و پەخشان هەڵنەگرتوە. ئەو کە ژیان لە رەشتی لە لا زۆر دژوار بووە لە چەن نامە شێعر دا کە بۆ برا و هاورێکانی نووسیوە، ناخۆشی خۆی دەربریوە کە نۆستالۆژیەکانی ئەو لەو سەردەمە دا پێک دێنن.

فاتێح پاشان ئەو یانەیە بە جێ دێڵێ و لە تاران لە بەرنامە ی کوردی "رادیۆ تەلەڤیزیون" دەس بە کار دەبێت و لە بوارەکانی ئەدەبی و فەرهەنگی وەک شێعر و پەخشان و هەروەها نووسین و وێژەری و بەرێوەبردنی چەن بەرنامەی ئەدەبی وەک "شێعر و ئەدەب" و"پەلکە زێرینە" و "ئاڵەکۆک" ی بۆ ماوە ی چەندین ساڵ لە ئەستۆدا بووە.

ئەو ئێستا لە ماڵەوە تەنیا بە کاری ئەدەبیەوە خەریکە.

## پێشەکی

ماوەیەکی زۆر بوو، ئەم پرسیارە بیر و حزرمی بە خۆیەوە خەریک کردبوو کە تا کەی ئەبێ شایەتی کارە ئەدەبییەکانی بابم بم و ئەو نووسراوانە لە گۆشەی گەنجینەیماڵدا بە قەتیس ماوی ببینم و نەتوانین هەنگاوێکیان بۆ هەڵبگرین.

ئەوەندەی مانگی لەمەوبەر لەگەڵ بابم دانیشتەبووم کە هاورێیەکی کۆنی ئەو تەلەفۆنی بۆ کرد. ئەو پێی کوت: بۆ شێعرەکانت لە چاپ نادەی؟! بە ئێعتیباری سەردەمی لاوێتی هێشتا تاقمێ زۆر لە خەڵک بە تامەزرۆییەوە باسی بەرهەمەکانت دەکەن. بابم کوتی کە هەندێ گرفت دەرفەتی ئەوەی لێ بڕیوە. من کە گوێبیستی ئەم قسانەبووم و دەشمزانی کە بابم ماوەیەکە لە سەر گرووپێکی خنجیلە بە ناوی "شێعر و ئەدەبی کوردی" ئەندامە، ئەم بیرۆکەیە لە من دا سەری هەڵدا کە بۆ کاناڵێک بۆ هەندێ لە شێعرەکانی نەکەمەوە؟ ئەوە بوو کە کاناڵێکم درووس کرد کە بابم ناوی "رەگاژۆ" ی بۆ هەڵبژارد کە بە مانای رێشە هاوێژتنە.

لە شوێن ئەم کارە بڕیارم دا هەر ئەم بەشە کورتە لە شێعرەکانی کە لە سەر رەگاژۆ دایە بکەم بە پی دی ئێف و ئەگەر کریا لە سەر چەن ماڵپەڕێک دایبنێم.

ئێستا ئەوەی کە لە پێش چاوی ئێوەی بەڕێز دایە بەرهەمی ئەو بیرۆکەیەیە. ئەگەر بکرێت هیوادارم لە داهاتووش دا بەشێ تر لە کارەکانی لەم رێگەیەوە پێشکەشی نامە خانەی ئەدەبی کوردی بکەم.

لینکی کاناڵی رەگاژۆ پێشکەش ئەکەم بەو هیوایە هەم خۆتان بن بە ئەندامی و هەمیش بە دۆستانی خۆیشتان بیناسێنن:@namopoem

ئیتر سپاس بۆ ئێوەی هێژا.

رۆژین مەحەمەدی.

تاران_1395/5/26 ک.ه

# ڕەگاژۆ

لە تاوی خەمی بێ سنورو هەدا
قەتیس ماوە فرمێسکی چاوانی من
جەڵەی قورسی هاواری تاساوی ڕۆح
دەکا بەربەسی شین و گریانی من

***

ئەوەی وەک بزەم دێتە بەر چاوی تۆ
دواین گڕی سەر زمانی شەمە
کزەو کسپەیی روحی بێتاقەتم
لە سەر لیوەکانم ڕەکاژۆی خەمە

***

من ئەو ریێوارەم کە پێ پڕ برین
ئەپێوێ هەمو چۆڵەوانانی دەرد
لە دژواری ڕێ ناپرینگێتەوە
پەژیوانی ناکا دڕوداڵی هەرد

***

ئەرۆمو ئەڕۆمو لە پێ ناکەوم
بگەم تا بە ئاواتی دیاری کراو
ئەوینی بەتینم وورەم پێئەدا
نەبم تووشی هەنگاوی هەڵواسراو

@namopoem

## دیوار

تەنی دووری لە بەینی ئێمە دیوار
لە دڵ ڕۆچو پەژارەت عەینی بزمار
گەمی ڕۆحم لەسەر زریای ئەسرین
دەکا ڕێگا بەڵام ناگا بە لێوار
هەتاکەی،خۆشەویستی من،هەتا کەی
بدا ئازاری بی تۆیی پەلامار
ببارێنم لە هەوری دیدە باران
بناڵێنم لە دەستی بەختی لاسار
هەمو ڕۆژێ هەتا شەو چاوەڕێگا
هەموو شەو تابەیانی هاتوهاوار
بتاسێنێ لە دڵدا ، ناهومێدی
هومێدی مانەوەم تا کاتی دیدار
سەبووری چوو لەدەس ئیتر بە جارێ
نەما تاقەت لە زوڵمی چاری ناچار
سەفەر باوی بڕێ وا تۆ ئەکا لێم
سەفەر ماڵی ڕمێ بۆ کاری ناکار
سەفەر دەستێ شکێ ئیتر نەکا ساز
لەمەولا کوێنی دڵ بۆ کۆچی دلدار
هەتا ڕێگا نەبێتە مێملی کەس
هەتا بریا نەبێتە ویردی سەرزار
چ شیرین ڕۆژگارێ بو چ شیرین
کە تۆ بوویو من و شادی بە خەروار
مەگەر هەر تۆ بگۆڕی ئەم هەوایە
مەگەر هەر تۆ ببیتە خاڵی پەڕگار
بە دیدارت لەسەر لێوانی "فاتێح"
بژاری خەم بکەی وەک پارو پێرار

@namopoem

## لەگەڵ حافیز
تێهەڵکێش

دڵ پەرێشانم بە دڵ نەم دیوە ساتێ بێ خەمی
"دل ز تنهایی بە جان امد خدا را همدمی"
ئاوەزو سەبرو ستارم بۆ نەماوە سا وەرە
"ساقیا جامی بە من دە تا بیاسایم دمی"
داخی دووری ناخمی کردۆتە شانەی پڕ برین
"شاه ترکان فارغست از حال ما کو رستمی"
سەت ئەوەندەش گەر بدەی ئازاری من لێت ناگەڕم
"ریش باد آن دل کە با درد تو خواهد مرهمی"
رێگەی دڵداری رێبازێکە پر سام و خەتەر
"رهروی باید جهانسوزی نە خامی بی غمی"
ئەو جیهانە بێوەفایەو بێوەفاتر خەڵکی ئەو
"عالمی دیگر بباید ساخت وز نو آدمی"
دڵڕفێنی بۆ نەکا بسکانی خاوی دڵبەرم
"کز نسیمش بوی جوی مولیان آید همی"
"فاتێحا"،"حافیز" دەفەرمێ هێندە بێ بەستێنە عەشق
"کاندرین دریا نماید هفت دریا شبنمی"



@namopoem

@namopoem

## یاری

دڵم پێوەیە یاری کەم لەگەڵ تۆ
چەلێ تر هاجوهاری کەم لەگەڵ تۆ
لەبەر کۆڵانەکەی بەر ماڵی خۆمان
سواری گەسکەشاری کەم لەگەڵ تۆ
بە یادی سەردەمی منداڵی دیسان
هەواری کۆن دیاری کەم لەگەڵ تۆ
لەسەر جۆگەی بەراشان گوڵ بچێنم
هەموو لایە بەهاری کەم لەگەڵ تۆ
دەموو چاوو یەخەو قۆڵو کراسم
بەڵاڵووکیو هەناری کەم لەگەڵ تۆ
لەسەر ئەو بووکە شووشەی لێت ئەسێنم
بتۆریتو نەیاری کەم لەگەڵ تۆ
دەمێ تر بۆ لەیەک خۆشبوون ویاری
هەمیسان دەم ژماری کەم لەگەڵ تۆ
ببینە دوو پەپوولەی باڵ حەریری
چڵاوچڵ خۆ حەشاری کەم لەگەڵ تۆ
لە سەر هەر دار چنارێک دا نیگارێک
رەسم،بۆ بیرەواری کەم لەگەڵ تۆ
تەمەن با کاری خۆی دڵ کاری خۆی کا
دڵم پێوەیە یاری کەم لەگەڵ تۆ

@namopoem

## باری شێعر

تا نەچێژی کسپەو سۆزی هەناو
چۆقی تاسەت پیا نەیە نەتکا بە ئاو
تا نەقرچیت و نەبرژی تۆ بە تۆ
تا نەناڵی تاڵ بە تال و لۆبەلۆ
عەشق هەڵناکا لە دڵتا ئاگری
داری ئەمما باری شێعرێ ناگری
دڵ کە سووتاو بوو بە پشکۆ وەک زوخاڵ
تازە ئەو دەم شێعری تێدا دێتە باڵ
شێعری بێ دەردانی بێ کسپەی ئەوین
رێگە ناباتە دەروونی پڕ برین
نارژێتە ناخی ئاخی داخدار
ناتکێتە ئاوی ئاوی چاوی بێ ستار
دڵ سەفەر ناکا لەسەر باڵی هەتا
ئەو دیارەی پڕ لە ژانەو بر پەتا
کەرتەکانی شێعری دڵ نەک شێعری زار
تافی شاخی یاخیە ئەڕژێتە خوار
شۆرش و غەوغا ئەرێژێتە بنار
پڕ لە رەمزو ڕاز ئەکا دۆڵ و دەمار
عەشق ئەکاتە رەنگ و پێشەنگی ژیان
تانو پۆی هەستی ئەهێنێتە زمان

## ڕۆباری فرمێسک

ئەگەر چی بێوەفایت کردورۆیت
گڕت بەردایە هێلانەی هەناوم
بەوەی شادم گەمی بەختت بەڕێکەم
لەسەر رۆ بارەکەی فرمێسکی چاوم

## تەیمانی تەم

ئەو ساتە نەیە خەندە بتارێ لە دەمی تۆ
تاقەت نیە بۆم دیتنی ساتێکی خەمی تۆ
لەم رەوشە پەرێشانە کە تەیمان ئەتەنێ تەم
بەسراوە هومێدم بە سەفای دەمبەدەمی تۆ
ئەی مۆمی روخت تۆخی شکێنی شەوی لاسار
چەن خۆشە پەپولانە بسوتم بە شەمی تۆ
بڕوانە چەنێ پژگو بەڵاوم مەگەر ئەمجار
بمخاتەوە یەک دیدەی وەک جامی جەمی تۆ
چۆمێکە لەسەر مەرمەڕی شانت قژی یاخیت
کێ بێ کەبەدڵ خۆ نەسپێرێ بە چەمی تۆ
مەستانە ورە تێپەرە دیسان بە شەقاما
تا بێتە سەما شار بە سازی قەدەمی تۆ
بارانی بلاوێنی کەمت زۆرە لە"فاتێح"
نای دا بە هەمو شەوکەتی شاهانە کەمی تۆ

@namopoem

## جەنگ

بەڵێنم داوە تاکو هەم بجەنگم
لە بەردەم چەرخی چەپگەردا نەلەنگم
هەتا لێدەم لە کێوی ئارەزو تاق
هونەر بێتە قەڵەم* ; هیوا قوڵەنگم

*قەڵەم:ئامرازی پۆڵایی بۆ رەسم هەڵکەندن لەسەر بەرد

## ماکی ئەوین

لێم هەرەشەت کردوە زیزی دەچی
نەت کوتە ئالۆزی لە دەستم لەچی
گەرچی بەقەد عالەمێ خۆشم دەوێی
شەرتە نەبینی لە ئەمن مل کەچی
ماکی ئەوین بەرزی و سەربەرزیە
نەک ئەوە سووکانە بەدەم پێوە چی
رەسمی ئەوین رێگە ڕین تاسەرە
تێوە نەچی یاکو بەدل تیوەچی
کوانێ بەڵێنێ بە منت داوە تۆ
بۆ ئەوە هەرگیز لەقسەم دەرنەچی
من بووم ئەتۆم نا چڵە پۆپەی ئەوین
ئیستەکە فەرموەتە گەزو جاوی چی
من بووم ئەتۆم کردە پەپوولەی وشە
تاوەکو  شێعرانە لەدڵ رۆ بچی
دابو نەرییتت کەچی ون کردوە
باهیت ئەوەن ناگری ئێمەش بەچی
ترسە لە ناو کڵپەی شێعری منا
هەر وەکو"فاتێح" بە کوڵوکۆ بچی

## شۆرەكات

نیمە ئارام بە بێ تۆ وەرە با بتبینم
وەرە سادەی وەرە دەرمانی دڵی خەمگینم
دور لە تەیمانی قژو سێبەری ئەگریجەی تۆ
داری بێ پۆپ و گەڵا،باخی بەبێ پەرژینم
هیندە ئاوێتەی دڵمی بە رەزاسوكیی خۆت
سەیری هەرلایە دەكەم بێجگە لە تۆ نابینم
شۆرەكاتم وەرە ئەی هەوری دەسودڵبازم
تاكو بڕوێم بكە پاراوو بە ئاو ئاژینم
دەردی دوریتە كزەی پایزو كسپەی زستان
هێمنی وەرزی بەهارو نەشەی هاوینم
كەی ژیان رادەبرێ ساتێ بەبێ بیرەوەریت
شایەتی ئەم قسەمە نمنمەكەی ئەسرینم
وا نەزانی كە بەگۆڕانی ئەتۆ گۆڕاوم
هەر ئەویندارەكەتو "فاتێح" ە كەی دێرینم

## بند

من دست و زبان به بند کردم اما
میسور نشد که دل به زنجیر کنم



@namopoem

## بوسەی خورشید

شاعرم افتادەام از دیدگان روزگار
همچو اشکی گرم در دریای سرد زندگی
بوسەی خورشید میخواهم کەتا گردم بخار
وارهم از قیدوبند سخت دریا بندگی

## جام ایثار

درمعبد عشق جام ایثار زدیم
یکبار نەو کم نەو بسیار زدیم
زنگار ریا زدل زدودیم وهزار
پیکان جفا بر دل بیمارزدیم

## هێزی عەشق
## قسەی نەستەقی چارلی چاپلین

بۆدزێوکاری نەبێ چی لێبکات
ئەو کەسەی دەیوێ بگا بە دەستەڵات
بەسیە ئاشق بی کە هێزو پێزی ئەشق
گشت هاسانکارییێکت بۆ دەکات



@namopoem

## مەرگەسات

لەمرد ن بۆ وە ناترسم کە دەڕوات
لە بەینی ئێمە خۆیێ خۆشەویستێ
هەموو ترسی منە لەو مەرگەساتەی
دلێ خورپەی دلێکی ترنەبیستێ

## کێڵگەی هاوار

خەم بەشی هەستیاری ناسک دڵ
شادی بۆ دڵڕەقانی لاسارە
شانەی پێکەنینە زاری ئەتۆ
هی ئەمن کێڵگەیێکی هاوارە

## موچرکە

شەو کەوا شاری لێ ببو کش ومات
خۆی بە زاڵتر ئەزانی تاکو دەهات
وای ئەزانی کە ناڕەوێتەوە قەت
تاموچرکەی بەیانی پێدا هات

@namopoem

## ترجمەی شعر استاد هێدی به فارسی

ابتدا خود شعر:

له چاو مەستان هەڵی نەگری خودایه
ئەرێ بۆ هەرچی جوانه بێوەفایه
لەکردەی بێوەفایان هەرچی دیتم
هەزار بەیتی نەنوسراوی لەلایه

ترجمه:

خدایا مگذراز این بی وفایی
زخوبان دیار دلربایی
وفا داری ندیدم در حدیثی
زانبوه حدیث اشنایی

## بەشێ لە شێعرێکی ون بووم

بەهار جوانی ئەوین ئەی مەلانی خۆش ئاواز
هەمو ئەزانن ئەمن هێندە زیزو خەمگینم
له کۆشی پانی سوروشتا ئەبینم ئێوەی جوان
بەڵام گەر.میێ نادەن بەرۆحی بێ تینم

@namopoem

## شاری من
## چەن بەیت لە پارچە شێعرێ

شاری من،سەت کە مەکۆی خەم بی لە تۆ راناکەم
ئەتکە بۆ من کەلە تۆ و بایەخی تۆ حاشا کەم
بەبیانوی ئەوە دڵتەنگە لە تۆدا ناچم
روو کەمە شارێ ترو شادی لەوێ داوا کەم
شەوی رەش ناکەمە رووبەندەی خۆ بۆ دەرچوون
کاری وا کاری نە مەردانە ئەمن وا ناکەم
لانەدەم شەرتە لە رێبازی وەفا تاکو ئەژیم
چیت دەوێ پربەدڵم بۆ دڵی تۆ هەروا کەم

## دڵ و ئاوەز

شەوە رێگا درێژەو بێ دوایی
نیگا یەخسیرو چاوان بێ بەرایی
ئەڵێ ئاوەز مەچۆ ناگەی بە مەنزل
کەچی دڵ پێم ئەبەخشێ دڵ نیایی

@namopoem

## تەماڵ

گەرگورگ نەبی رێوی ئەکا تۆ بە قەپاڵ
ئەی داتە دەست مێژو قەباڵێکی بەتاڵ
راویار و تەڵەو داوە لەرێتا بە سەدان
وریا یی و هیزە دەر دەکا تۆ لە تەمال

## بریا

بریا وەکو یەک بایە قسەی زارو هەناوت
تا پێنەکەنیبایە دڵی تۆ بەدەمی تۆ

## ژاروژان
## قسەی نەستەق لە بوو عەلی سینا

هەر چشتێ کەمی عەینی دەرمانە
رادەی نێونجی پێخۆری گیانە
لە ڕادە بێتوو تێپەڕێ ئیتر
خۆشەویستیش بێ وەک ژارو ژانە



@namopoem

## شاری خەم

له شاری خەم ئەبێ دڵ چۆن هەبونی شادی باوەڕ کا
له قۆناخی پەرێشانی بەبێ قوربانی تێپەڕکا
دەمی وشک هەڵگەڕاوی گول ببێ ئەو بەختە بۆی لێوێ
له وشکستانی بێ فەڕدا بە جامی خەندەیەک تەڕکا

## شەوارە

هەڵنایە لەبەر شەوقی روخت چاوی شەوارەم
رانایە لەگەڵ شۆڕشی تو رۆحی غەوارەم
دڵ شورەی پۆڵا نیە خۆ تاکو نەڕوخێ
پێویست نیە بەو گشتە شەڕو شۆرو گەمارەم

## گاڵۆک

وەرە گیا نە وەرە هاوکۆکی یەک بین
وزەی باڵی یەکو هاو چۆکی یەک بین
ئەگەر شەو تۆخ و تووشەو رێگە دژوار
دەبا تاکو بەیان گاڵۆکی یەک بین

@namopoem

## کارەوان

گەیی وا کارەوانی دڵبەری یۆسوف  لە ئێقباڵم
دە لێدە زوهرە ساز ئەمشۆ لەبەر هاو دەنگی ئەحواڵم
لەداخا چی بکا کۆشکی عەزیزی میسر ئەگەر نەگری
کە ئەمشۆ مانگی  کەنعانی سەری داوە لە رەشماڵم

## تۆ

دەم کوت کە لە هەر دێ عەینی بەردێ
دانیشم و چیم نەییێتە سەر زار
دیتم کە وەها شتێک مەحاڵە
تۆ بەردیش ئەخەیتە هات و هاوار

@namopoem

## خەونی کەسک

کە نوستبوم

خەونی بەهاری کەسکم دی

کە راچەنیم

لە چاوانی  کەسکی تۆدا

خەونە خۆشەکەم

هاتە دی

## خەو

بێ تۆ

لە بێداری هەڵدێم

رابون

دڕوی راستەقینە

لە چاوانمدا ئەچێنێ

ئەم وێ تاکو  هەم هەربنوم

تەنیا خەوە

تۆم پێ ئێڵێ و

تێرتێر

تاسەم لێت ئەشکێنێ



@namopoem

## وەنەوشەیی

نازانم بۆ
کاتێ کە یاد ئەکەم لەتۆ
هەناسەم بۆنی وەنەوشەی کێوی لێدێ
دەفتەرەکەم
تەنیا وشەی
وەنەوشەیی ئەگرێتە خۆ
شێعری وەنەوشەییم بۆ دێ
لە ئاسمانی یادت دا
هەرچی رەنگە خۆ دەدۆرێ
تەنیا رەنگی وەنەوشەیی
ئەمێنێتەوە ناگۆرێ

@namopoem

## قەتیس

یاساکانی ژیانی من

هەزارساڵە

بە بێ گۆڕان ماوەتەوە

هەرکەسێ درۆم پێبکا

خۆشم ئەوێ

هەر کەسێ راستم پێ بڵێ

لێی بێزارم

ئەو کەس وریاییم لێبکا

ئەو کەس

چاوم بکاتە خەو

مێهربانە

ئەوکەس

چاوم پی هەڵبێنێ

گۆمی مەنگی خەونەکانم بشڵەژێنێ



@namopoem

ئاژاوەچی و

تاوانبارە

بۆیە

هەزار ساڵە چەقۆم

دڵڕەقانە

داناوەتە ئەوکی

ئەو کەڵەشێرە نیوە شەو

بە ئاوازی بەیانانەی

خەو لەچاوم ئەتارێنێ

یاساکانی ژیانی من

هەزار ساڵە

بەبێ گۆڕان ماوەتەوە

@namopoem

## هەناسەکەت

هەناسەکەت
لەسینگە پڕ لەتاسەکەت
کە هەڵدەسێ
دڵم بە تاسی تاسەوە
ئەباتەوە
لەناخما
خەمێکی خەست
بەتوندی رەنگ ئەداتەوە
هەناسەکەت
دەگەستێ لاسکی ناسکی
گەڵاگەڵای ژیانی من
وەکو تەزوو
خەزەڵ خەزەڵ
ئەخاتە هەڵوەرین هەمو
هەناسەکەت
لەجێی ووشەی نیان وگەرمو نەرمی "دڵنیایی"یا
وشەی "پەژارە"دادەنێ

@namopoem

له کەرتەکانی لێوما
گوڵێلکخەکانی خەم
ئەکا شەتڵ
لە پۆلوەکانی داخدا
دڵی ئەمن
ئەنێتە کڵ
وە رۆ دەکا چزی دڕوو
لەدیدەی لەگەڵ خەوا
نەیارو بی ستارەکەم
هەناسەکەت
لەئاوێنەی هەناوی تاسەباری من ئەدا
خەتی کەسەر بەبێ هەدا
هومێدی من
بەهارەکەم٠

@namopoem

## ياد

بەهار

هەر بەرجەوەندێکی

لە ناخەوە

دەم هەژێنێ

بەڵام ئەو تەوقە گوڵێلکە سوورو شینە

کە وەک هەستێرەی رێگای دوور

ئەجریوێنێ

دەرگای هەستێکی بێ وێنە

لە ئاستی من دەکاتەوە

بیری کراسەکەی دایکمم

دەخاتەوە

@namopoem

## مێوان

ئەمشۆ :

بێ خەو،

ئەمشۆتەنیا

ئەمشۆ

ژوورەکەم بۆ سرتەی

رازو نیازێ دەگریا

کە بێ هەواڵ

دای لە دەرگا

هاتە ناو ماڵ

شێعرێ قژکاڵ

@namopoem

# شرۆڤە

ماوەیەک بو
ترسی کودتای سەربازی
ببوە مۆتەی رۆژو شەویان
دەیانزانی
پەل نەبزوێن
دەواری شڕیان با دەیبا
دەستێک دەکەوێتە بەریان
دەستیک دوا
بۆیە هەستان
بەپیلانێ
بۆ راوی "کەماڵێ" کردن
دوێشەو
بەر لەوەی پەل بزوێن
هەمویان وەک رەوە ماسی
گێژو سەرسام
لە تۆڕ خستن
پێیان حاڵی کردن ئەرباب
چی نەوێ
قەت نابی رودات
بی ئیزنی ئەو
هەرکەس جووڵا
بە گیانی خۆی یاری ئەکات.

@namopoem

## سووچ

ئەڕۆم

ئیتر بەجێ دێڵم

بەبێ ئاوڕ لەرابردو

خەفەت نا خۆم لەبۆ داری

لق و پۆپو گەڵا مردو.

نیگام هێڵێکی روناکی

ئەکێشێ تابەری ئاسۆ،

ئەگەر ئاسۆ درۆزن بێ

ئەبێ چارم چبێ ئاخۆ؟!

بەڵام ئاسۆ و درۆ!

هەرگیز

ئەمن بڕوام نیە نانا

روانی سووچە وا بیرێ

لە ناو قووڵایی بڕواما

@namopoem

"مەنزومەی هەڵۆ"

@namopoem

## هەڵۆ

خەم سەری کردە دڵ و گیانی هەڵۆ
ناخی پڕ بو لە کوڵو کەندو کوڵۆ
کاتێ دی ئەو شتە لێی قەوماوە
پیریەو هاتوەوە تێی ئاڵا وە
بۆیە ئازارو کزەو ناسازی
بوونەتە ئێخەگرو ئامبازی
خۆی لەخۆی پرسی چبوم ئێستا چیم
بەتەمای هەرچی نەبوم ئاخر دیم
منکە وا لوتکە نشینی شاخم
بۆ سرە باڵو پەڕی پەرداخم
یادی لاوێتی بەخێر ئەودەمە وا
ئێسک سووکانە لەسەر باڵی هەوا
ئاسمان شوێنی تەراتێنم بو
شنە بای بەرزی بلاوێنم بو
کاتێ بەژنم هەڵەدا کاتی فڕین
مات ئەبون بونەوەری دەشتی بەرین
ئێستە پیری ئەوەتا مێمڵمە
مردنیش لەوبەرەدا ماتڵمە
چاوەکانم نیەتی ئەو سۆما
هەلبکا ماسی لەناخی گۆما
تۆ بڵێی چارێ هەبێ بۆ کارم
تا نەڕوخاوە لەبن دیوارم
تۆ بڵێی بۆم هەبی راوێژکارێ
شارەزای دەردی دڵێ ووشیارێ
یا پزیشکێ کەبدا هەتوانێ
جۆرە ماجوومێ دەواودەرمانێ
ئەم بەڵای پیریە دوورخاتەوە لێم
ئەوگوڕو تینە کەبوم داتەوە پێم
چۆڵ نەکەم بەم زووە ئەم دوندی چیا
فەرشی ژێر پێم بێ گوڵ وسەوزە گیا
لەم ووتو وبیرەیە دابو مەلی پیر
لەسوروشت و فڕوفێڵی دڵگیر

@namopoem

نوقمی گێژاوی خەیال ماتو پەشێو
سیپەلاکی لەخەفەت لێواولێو
کە لەپڕ دیتی کە لەو خوارە قەلێ
ئەگەڕێ نم نم و گۆرانی ئەڵێ
هاتە بیری کە شەوێ بابی کوتی:
چاوی کردۆتەوە بۆ ژین لەوەتی
تاکو ئیستا تەمەنی هیچ مەلێ
بۆ درێژی نەگەییوە بە قەلێ
قەل ئەژی ئاسودە تا سێسەت ساڵ
ژینی نابێت بە هاسانی بەتاڵ
بۆ مەلی دیکە تەنانەت دەگمەن
هەیە ئەو بەختە بە سی ساڵی بگەن
کە ئەمەی هاتەوە بیر پیرە هەڵۆ
خۆی بە خۆی کوت لەچی وەستاوی بڕۆ
رازی قووڵی تەمەنی دوورو درێژ
لای قەلەو هەر ئەوە جێگەی راوێژ
بۆیە بۆ دیتنی ئەو هاتە فڕین
بە هیوای دیتنی رێ چارەی ژین
لە چیای بەرزەوە روی کردە نشێو
شامەلی زاڵ و بە باڵی کەژو کێو
قەل کە دی ئاوە هەڵۆ رو لەو دێ
هەر ئەوەی مابو زمانی بشکێ
وای دەزانی بە نیازی راوە
بۆیە یەکسەر ورەی بەرداوە
نەبو بۆی چون دەرەتانی دەرچوون
چۆکی دادا لە بەری زار و زەبوون
نەی دەزانی نیەتی ئەو سەری راو
چونکو ئامانجێ تری کردوە رەچاو
هەڵۆ پێی کوت قەلی زانا چۆنی
پێم بلێ بۆ پەکەری بۆ مۆنی؟!
دڵنیا بە دژی تۆ بێ هەرکەس
ورد ئەکەم قاپی قولاپەی دەمودەس
قەل کوتی:میری مەز ن زۆر سپاس
کارتی ئیقباڵی منت کردوە بە ئاس
من مەلی بەختەوەری دەورانم
چونکو تۆی شامەلی پشتیوانم
پێم بلێ گیان بکەمە قوربانت
جێبەجێ کەم بەوەفا فەرمانت
هەڵۆ پێی کوت:قەلی ووشیارو بە بیر
هاتوم تاکو بکەی بۆم تەگبیر
ئەوەتا پیری وەکو بای زەمەن
هاتوە بچڕێ لەمن تاڵی تەمەن
تەمەنی خێڵی هەڵۆ کۆتایە

@namopoem

ئێوە  بەس رازی تەمەن تان لایە
سێسەتیش زێتر ئەژین ئێوە بەساڵ
یەک لەدەی ئێوە نیە بۆ مە مەجاڵ
رازی ئەم بەختەوەری ئیوە چیە
بۆ وەها دەرفەتێ بۆ ئێمە نیە؟!
بۆم ئەگەر شی کەیەوە ئەم رازە
ئاوەڵا کەی لەسەرم دەروازە
زەحمەتت شەرتە فەرامۆش نەکەم
لەبری هەرچیت ئەوی پێتی بدەم
قەل کوتی : پێشینیانی ژیرم
دوو لەوان بابی منو باپیرم
لەسەر ئەم باوڕە بون بەرزایی
زوو دەهێنێ بە ژیان کۆتایی
بای بڵێندابیە وەک پەیکی نەمان
کەشی نزمایی ئەکا ژین هاسان
بەو تەراتێنە کە دەیکەن لە فەلەک
رەوڕەوەی مانەوەتان خستوە پەک
سەرەڕای ئەم هەڵەیە نابارە
هەڵەیە دیکە هەیەو سەربارە
گۆشتە تازێک کە ئەیخۆن ئێوە
بەسەدان دەردو بەڵای وا پێوە
چێ دەکا خەڵتە لەناو بۆری دەمار
بۆ خوێن نایەڵێ رێباز و بوار
جەڵغەی مێشک و سەرو دڵ دێنێ
تان و پۆی ساغی لەیەک ئەپسێنێ
ئێمە ناخۆین جگە لە گۆشتی گەنیو
هەژگەڵ و کرم و بەجێماوی رزیو
میری من مەنزڵی م  لەو لایە
بەهەمو گەندەڵیەک ئاوایە
هەمە لەو مەنزڵە سفرەو خوانێ
لایەقی وەک تۆ مەزن مێوانێ
پڕ لە مردارەوەبوی جۆراو جۆر
چاری بۆشایی لەش و ئێسکی کولۆر
وەرە با پێکۆ بچین تاوێ لەوێ
داگرین تیکە لەوەی دڵ دەیەوێ
راهێنانێکە ئەوە پاش راوێژ
وەکو دەسپێکی شیفاو عومری درێژ
لەم قسە پیرە هەڵۆ سڕبو سەری
لێڵ بو بۆ چرکەیە چاوو نەزەری
هەستی کرد تاپۆیەکی تاراوە
کێیەتی لەو سەرە لێ جێماوە
هەستی کرد خاوەنی مێشکێکە تەزیو
شانی داداوە لە سەر بیرێ بەزیو

روو له قەل نەرم ونیان هاتە قسە
وتی:بم بورە وەها باسێ بەسە
خوانی رازاوەی وا پێشکەشی خۆت
گۆشتی مردارەوە بو هەر بەشی خۆت
ژینێ دابین بێ بە ئەم ئاوایە
دڵی من قەت لەگەڵی رانایە
پاش ئەوە ئۆقرەی چو کەوتە جمشت
لەپەسا ئارەقەی شەرمی ئەڕشت
راچەنی دای لە شەقەی شاباڵان
وەک گەڕابێتوە دۆخی ساڵان
هەڵفری کردی لە هەوران تێپەڕ
رۆی دیسانەوە هەر بۆ سەروسەر
رانەوەستا بەوەشو هەر چو بە تاو
بوە خاڵێکو ئەویش ون بو لە چاو
رانەوەستا بەوەشو هەر چو بە تاو
بوە خاڵێکو ئەویش ون بو لەچاو



@namopen